# وەڵام بۆ پرسیارێك

پێمان دەڵێن کوا بەڵگەیێك بۆ ئەوەی ئێوە رێبواری ماندوویی نەناس و سوارچاکی گۆڕەپانی ئازادیخوازی کورد و نیشتمانن، حەق نەبیستان، نەیاران دەڵێن کوانێ بەڵگە بۆ ئەوە بیسەلمێنێ رێبازی شۆرشگێڕانن، کوا بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنی پێشرەوی کوردی نیشتمان پەروەرن، کوانێ بەڵگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ ئێوە نوێنەری ئەوانەن کە ئازادی و رزگاری کورد و رووخانی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی مەبەستە؟

وەڵام:

پێ یان دەڵێن، خوێنی سەرکردە شەهیدەکان، مامۆستا سەید خەلیل و مامۆستا ئارام، کاك سەید عەبدوالکەریم حسینی، کاك خالید حەسەن نژاد، کاك تۆفیق کەریم پوور، کاك رەحمان قادری، کاك تەها سوور، مەلا عەلی رەسوولی، کاك حسەین کەریمی، کاك عەتا سنەیی، کاك محەممەد نانەوا، کاك عەبدوڵا هەمزە، کاك ئیبراهیم تاژانی، مام شەریفی رەحمانی، و دەیان کادری لێوەشاوە پێناسەمانە، پێ یان دەڵێن، جەستەی دابێژراوی کادرەکان و سکرتێری سازمانەکەمان کە بە گوللەی دژمنان لە مەیدانی جەنگدا و و کردەوەی ترۆریستی هەلا هەلا بوون بەس نیە؟ پێ یان دەڵێین گرتنی مۆڵگەکانی دژمن و تێك شکاندنی ستوونی زۆری ئەرتەش و پاسداری دژمن ئەویش بە فەرماندەیی فەرماندەکانی وەك کاك عەبدوالکەریم و شەهید تەها سوور و شەهید مەلا عەلی، شەهید تۆفیقی کەریمپوور و شەهیدانی فەرماندە و هەروەها بە فەرماندەیی رێبەرایەتی ئێستای سازمان بەس نیە بۆ بەڵگە؟ پێ یان دەڵێین، ستوونی گاردی جاویدان لە دەروازەی شاری بانە کێ تەفرو توونای کرد، پێ یان دەڵێین، پایەگاکانی هێزی دژمن کام پێشمەرگانە و کام فەرماندانە گرتیانن؟ تەفرووتوونا کردنی هێزی جاش و پاسدارەکان وتێك شکاندنی هێڵی کوپتر لە دێی سەرا و زەربەت دان لە هێزەکانی دژمن لە ناوچەکانی موکوریان و تەفروتوناکردنی لە دەراوی سیادەر و لە قەرەچەر و تێك شکاندنی هێزەکانی دژمن لە ئێرانشا و لە قەرەچیاوای سەقز و لە قەبەغلوو لە پشتی سەرسونج و لە کویستانەکانی سەدبار و لە هەلۆ و گەنمان و نوێژگە و دەشتی کێلە سپیان و کێوەرۆ و کێوی بلو و دەشتی کەلوێ و گەوورکی مەهاباد و دەشتی بێلەواری کامیاران و دەیان چالاکیی بەرچاو و کەم وێنەی تر بە دەستی قارەمانەکانی سازمانی خەبات کراو و بە شاهیدیی خەڵکی ناوچەکانی کوردستان کە هیچ مەردوم ئازارییێکیان لە سازمانی خەبات نەدیوە و بە هاوباوەر و دڵسۆزی گەلی کوردیان ناسیون. پێ یان دەڵێن بۆ ئەوەی بزانن ئێستاش هێزەکانی چاش و پاسدار بەکرێگیراو و خۆفرۆشان لە ناوی پێشمەرگە و فەرماندە لێهاتووەکانی سازمانی خەبات ترسێکیان هەیە کە بە بیستنی ناوی خەباتیەکان و بە هەواڵی بوونیان لەناوچەکان، چۆکیان دەلەرزێ و خۆ دەشارنەوە.

پێ یان دەڵێن، مەگەر نازانن سازمانی خەبات، بە قارەمانی و بە خوێنی شەهیدان و رێبوارانی ئێستای سازمان بوون و مەوجوودیەتی پارێزرا. بەڵێ گلەیی لە دژمن و نەویست ناکرێ، کەی بووە، نەویستێك خێر و چاکە و لێهاتوویی باس بکا، تا رێبوارانی رێگەی پڕ لە سەروەری سازمانی خەبات ئەمرۆ چاوەرێ نەوێستابن باسی چاکەیان بکەن.

***

## پیرۆزبایی کومیتەی تەشکیلاتی ناوخۆی سازمان، لە پیرانشار بەبۆنەی ٢٧مین ساڵوەگەی پێکهاتنی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران:

بەڕێز سکرتێری گشتیی سازمان کاك بابەشێخ حسینی، بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتیی سازمانی خەبات، خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان: بەناوی کومیتەی تەشکیلاتی نێوخۆی پیرانشار بەبۆنەی تێپەڕاندنی ٢٧ساڵەی دامەزرانی سازمانی خەبات و پێنانە ناو ٢٨مین ساڵەی سازمانە خۆشەویست و تێکۆشەرەکەمان گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەتایبەت لەدووساڵی رابردوودا هەوڵەکانمان بۆ بەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی سازمانی خۆشەویستەکەمان پەرە پێداوە و هیوادارین لە داهاتوودا زیاتر بتوانین بە گەلی کوردستان و سازمانی خەبات خزمەت بکەین.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەمان

**کومیتەی تەشکیلاتی**
**ناوخۆی پیرانشار**
**مراد ـ صبری ـ فیدا**

## بەشداری کومیتەی نوروێژی سازمانی خەبات لەرێورەسمی ٢٥ی گەلاوێژ

لەسەر بانگهێشتی کومیتەی نوروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێك لە کومیتەی نوروێژی سازمانی خەبات کەپێك هاتبوون لە بەرێزان، کاك توانا، کاك محمودیوسفی، خوشکە پەروین یوسفی، بەشداری رێ و رەسمی ٢٥ی گەلاوێژ ٦٢هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کرد و پەیامی کومیتەی نوروێژی سازمانی خەباتیان پێشکەش کرد.

## سەردانی هەیئەتێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

رۆژی ٧ی پووشپەڕ ١٣٨٦ کۆچی خۆری، هەیئەتێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کە پێك هاتبوون لە بەرێزان، سەید کامیل چاپاش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندیەکانی سازمانی خەبات لە شاری سلێمانی و کاك عەلی بەهرامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سازمان سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێز کاك نجمەددین نسروڵلا، بەرپرسی گشتیی پێوەندیەکانی حیزبی زەحمەتکێشان و کاك یوسف ئەندامی مەکتەبی پێوەندیەکان پێشوازیان لێ کرا.

هەیئەتی سازمان، بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کونگرەی پێنجەمی حیزبی زەحمەتکێشان، پیرۆزباییان بە برایانی حیزبی زەحمەتکێشان راگەیاند، لە سەردانی هەیئەتی سازمان بۆ حیزبی زەحمەتکێشان باس لە پێوەندی دۆستانە و لەمێژینەی نێوان سازمانی خەبات و حیزبی زەحمەتکێشان و هەل و مەرجی سیاسی کوردستان بە گشتی و کوردستانی ئێران و ناوچەکە کرا.

## کۆبوونەوەی نێوان ئەمریکاو ئێران



رۆژی سێ شەمە ٢ی گەلاوێژ، کۆبونەوە لە نێوان بالیۆزی ئەمریکا و رژیمی ئاخوندی لەشوێنی کاری نوری مالیکی سەرەك وەزیری عێراق لە بەغدا بەرێوەچوو دوای کۆتایی هاتنی کۆبونەوەکە هەرکام لە سەفیری رژیم لەعێراق وسەفیری ئەمریکا لێدوانی جیاجیایان لەپێوەند بە کۆبونەوەکە و ئاکامەکانی بلاوکردەوە، سەفیری رژیمی ئاخوندی باسی لە گرینگیی کۆبونەوەکەی کردو و ڕایگەیاند ئەو هەڵانەی ئەمریکا لە عێراق کردویەتی و درێژەی پێ دەدا بە ئەمریکایەکانی ڕاگەیاندوە، هەروەك پێشتریش دەزگای ڕاگەیاندنەکانی رژیم ئەوەیان دوپات کردەوە کەرژیم نەسیحەتی ئەمریکا دەکات و رێنوێنی دەکا و هەڵەکانی ئەمریکا لە عێراق دەخاتە پێش چاوی بەرپرسانی ئەمریکایی. لە بەرانبەردا ڕایان کرۆکەر سەفیری ئەمریکا لەبەردەم هەواڵنێران ئاشکرای کرد بەرپرسانی رژیمی ئێرانی ئاگادار کردوە دەست لەکارو باری عێراق وەرنەدەن و یارمەتی دەستە و تاقمە ترۆریستەکان نەدەن. ئەوە ئاشکرایە کۆبونەوەکەی نێوان رژیمی ئاخوندی و ئەمریکا هیچ ئاکامێکی نابێ لەبەر چەند هۆ، یەکەم ئەوەی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندیی، ئەمریکا بەشەیتانی گەورە و سەرچاوەی کێشەکان لە ناوچەکە و جیهان دەزانێ و لە زووەوە بە جیددی لەبەرانبەر ئەمریکا و دۆستەکانی سیاسەتی دژیان دارشتوە و چۆنیان توانیوە بەو شێوە روبەروی کۆمەڵگای جیهانی بوونەتەوە. رژیمی ئاخوندی نە دێموکراسی نە هیچ لایەن و کەسێکی دیکەی قەبوولە و دێموکراسی و دەسەڵاتەکان لەناوچەکەدا بە نەیاری خۆی دەزانێ، بەتایبەت زۆر دژە بەبوونی دەسەڵاتێکی ئازاد و هەڵبژێردراو لە عێراقدا. هەرچەندە دەسەڵاتداری ئێستا لەعێراق زۆربەی بەرپرسەکانی عێراق بە نزیك لە رژیم دەزانێ، بەو حاڵەش پێی باش نیە شێوەی دەسەڵاتێك کە دێموکرات و ئازاد بێت و مافی نەتەوە و مەزهەبەکان لە عێراقدا لەبەرچاو بگرێ لە وەڵاتێکی دراوسێی ئێران وەڵاتێکی بەرێوەبەرێ. بەتایبەت ئەو دەسەڵاتە نوێیە لەدوای هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق و بە پشتیوانی ئەمریکا دامەزرا بێ. لەبەرانبەریشیدا دەوڵەتی ئەمریکا، رژیمی ئێران بەسەرچاوەی سەرەکی ترۆریزم لەجیهاندا دەزانێ و ئەو رژیمە بەسەرچاوەی تێکدانی هێمنایەتی لە ناوچەکە و هەڕەشە بۆسەر ئەمریکا و قازانجەکانی دەزانێ هەروەها رژیمی ئێران بە لایەنێك لە سێ کۆچکەی شەر دەزانن. بەکورتی ئەوەندە بەڵگە و نمونە لەسەر ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ڕژیمی ئێران هەیە کە لە ئەژمار نایێ لەبەرانبەردا هیچ بەڵگە و هۆیێك بۆ نزیکی و یەك کەوتنی ئەمریکا و ڕژیم نیە، تەنانەت لەمەیدانی بازرگانی و هاوکاری مرۆڤایەتیشدا بەڵگەیێکی دیار و ڕاگەیێندراو لە بەرچاودا نیە کە بکرێ پشتی پێ ببەسترێ و لانی کەم بکرێتە بنەمایێك بۆئەوەی ئەمریکا و ڕژیمی ئێران بتوانن بیکەنە هۆیێك بۆ دانیشتن. هەروەك تائێستاش دەرکەوتووە وە لەکۆبونەوەی نێوان نوێنەرانی ڕژیم و ئەمریکا بەر چاوکەوت نێوانیان زۆر لەوە ئالۆزترە تا بتوانن لەسەر مەسەلە و کێشەکان ڕێك کەون، تەنانەت لەسەر عێراق و وەزعی ئەو وڵاتەش بۆچونەکانیان زۆر لێك دورە، ئەمریکا لەڕژیمی ئێرانی دەوێ دەست لەکاروباری عێراق وەرنەدات، کەدەست تێوەردانی ڕژیم لەعێراق لە باسکردن نایە وە پاوانخوازی ودەست تێوەردان لەکاروباری ئەو وەڵاتە وەك کردارێکی ئیستراتیژیکی دەسەڵاتداری رژیمە، لەبەرانبەردا داوای دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لەئەمریکا ئەوەیە لەعێراق بکشێنەوە و هێزەکانیان ناوچەکە بەجێ بهێڵن، وەك دیارە ئەمریکاش وەڵامی ڕژیمی بەزیادکردنی هێز لەعێراق و سووربوون بەمانەوە لەو وڵاتەدا داوە تا سەقامگیری یەکجاریی دابمەزرێ.

بۆیە جێگەی خۆیەتی بڵەین ووتووێژەکانی نێوان رژیمی ئێران و ئەمریکا تا ئەو کاتەی رژیم درێژە بە سیاسەتەکانی بدات بێ ئاکام دەبێ.

## هێزەکانی رژیم لە سنووری حاجی ئۆمەران کەسێك شەهید و ٢کەسیش بریندار دەکەن

شەوی یەکشەممە ١١ی خەرمانانی ١٣٨٦، دەستەیێك کاروانچی لە برایم شیلان، سنوری حاجی ئۆمەران دەکەونە بەر دەسڕێژی چەکی هێزە بەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی و لە ئاکامدا کەسێك بەناوی ئەمیر پیرداودی کوڕی رەسولی حاجی برایم شەهید دەبێ و ٢ کەسیش بە ناوەکانی مراد نژاد رسول کوڕی فەقێ محمد و یونس ابوبکری کوڕی خالید خەڵکی شیناوێ، بە سەختی بریندار دەبن. پاش روودانی ئەو جینایەتەی رژیم، تەرمی ئەمیر لەلایەن کاروانچیەکانەوە دەبرێتەوە شیناوێ و لەوێ بە خاك دەسپێردرێ.

ماوەیێکە هێزەبەکرێگیراوەکانی رژیمی ئاخوندی بەبێ هیچ بەڵگە و بیانوییێك هاونیشتمانانی کورد زیاتر لەجاران دەدەنە بەر دەسڕێژی چەکەکانیان و تائێستا دەیان کەسیان شەهید و بریندار کردووە.